زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر
پەیمانگای تەكنیكی سۆران
بەشی ژمیریاری

# بازار

بەسەرپەرشتی:
م: سیروان لتیف حاجی

# ناوەرۆك

1. پێشەکی
2. پێناسەی بازار
3. بەبازارخستن
4. سودەکانی بەبازارخستن
5. پێشکەوتنی چەمکی بەبازارخستن
6. قۆناغی بەئاراستەی بەرهەمهێنان
7. هۆکارە پالنەرەکانی پەیرەوکردنی ئاراستە
8. قۆناغی فرۆشتن
9. قۆناغی بەبازارخستنی هاوچەرخ
10. بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی

# پێناسەی بازار

**بازار:**

**بازار بە شوێنێك دەوترێت كە كريارو فرۆشياران بۆ ئالوگۆری شمەك يان خزمەتگوزاری سەردانی دەكەن**



# بەبازارخستن

بەبازارخستن: بە وەزیفەی جیبەجێکاریە سەرەکیەکان دادەنرێت کە راستەخۆ بەشداری دەکات لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی رێکخراوەکەدا، بە دووەم وەزیفەی گرنگ دادەنرێت لەدوای بەرهەمهێنانەوە، کە بە رۆلێکی ئۆرگانی بەشداری دەکات لە سەرکەوتنی هەر رێکخراوێك، پرۆژەکانداو بەبێ ئەو ناتوانرێت ئارەزوەکان و پێداویستیەکان بازارو گەیاندنی شمەك و خزمەتگوزاریەکان بۆ معمەلەکان بزانرێت

# سوودەکانی بەبازارخستن

1. **سوودی کاتی :** واتا دابینکردنی کەلوپەل و خزمەتگوزاری لەکاتی پێویست.
2. **سوودی شوێنی:** واتا دابینکردنی کەلوپەلو خزمەتگوزاری لە شوێنی پێویست.
3. **سوودی خاوەنداریەتی:** ئەو سودەیە دوای خاوەنداریەتی بریتیە لە تەواوکردنی بەرهەمێك یاخود بۆ چاککردنەوە سودی لێوەردەگیرێت.

4. **سوودی دروشمی:** بریتیە لە لایەنی سۆزو دەرونی کە بەکاربەر ئاراستەی دەکات بۆ کالایەکی دیاریکراو.

5. **سوودی فێرکاری:** بریتیە لەو زانیاریانەی کە رێکخراو پێشکەشی بەکاربەرانی دەکات بۆ ئەوەی زانیاری تەواوی هەبێت دەربارەی کالاکان و شوێنی دەسکەوتنیان و ناونیشانی بازرگانی کالاکان.

6. **سوودی شێوەیی:** کە بەرێوەبردنی بەرهەم هێنان سەرپەرشتی دەکات واتا لێپرسراویەتی گشتی هەیە، دەربارەی ئەو سوودە شێوەییە.

# پێشکەوتنی چەمکی بەبازارخستن

A. قۆناغی بەرهەمهێنان (1850_1900)

B. قۆناغی فرۆشتن (1900_1950)

C. قۆناغی بەبازارخستنی هاوچەرخ (1950_2000)

D. قۆناغی بەرپرسیارەیەتی کۆمەلایەتی(2000_تائێستا)

# قۆناغی بەرهەمهێنان

**لەم قۆناغەدا گرنگترین چالاکیەکانی بریتیبوو لەبەرهەمهێنان ئەویش بەهۆی زۆربوونی خواست لەسەر خستنەرووی کەلوپەلو کالا جیاوازەکان بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەموو پێداویستیەکان ببێتەوە گرنگترین گریمان لەم قۆناغەدا بریتیە لە (ئەوەی بەرهەمدەهێنرێت دەبێت بفرۆشرێت) وەئەم قۆناغە لەسەرەتای سەرهەلدانی شۆرشی پیشەسازی سەریهەلداوەئەم قۆناغە بەقۆناغی بەرهەمهێنان دەناسرێتەوەلەبەر ئوەی ئەم هەنگاوە بە هەنگاوی بەرهەمهێنان دانراوە چونکە تەنها تەرکیزی لەسەر بەرهەمهێنان دەکرد بێ ئەوەی تەرکیز بخاتە سەر پێداویستیە گۆراوەکانی بەکاربەران یان کێبرکێکردن لەسەر بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاری نوێ بەرهەمهێنانی کالای تازە وەهەروەها لەم قۆناغەدا خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەم هەبوو کۆی گشتی رێکخراوەکان کەم بوو کەهەلدەستان بە بەرهەمهینانی کەلوپەل ودابینکردنی خواستە زۆرەکانی بازار لەهەمان کاتدا لەم قۆناغەدا رکابەری کەمبوو رێکخراوەکانی بەرهەمهێنان گرنگیان دەدا بەوەی کە چۆن قازانجی زۆر پەیدابکەن لە رێگەی بەرهەمهێنان هیچ گرنگیان بەوەزیفەی بەبازارخستن نەدەدا .**

# تایبەتمەندیەکانی قۆناغی بەرهەمهێنان

1. تەرکیز کردنە سەر بەرهەم و بەرهەمهێنان
2. بە ئاراستەی رۆیشتن بە رەو کالای بەرهەمهێنان
3. تەرکیز خستنە سەر لایەنە ئەندازەیەکانی کالاکان لەسەر حسابی سوودو باشیەکانی کالاکان
4. بەرهەهێنان لەسەر حسابی بەبازارخستن
5. گرنگی دان بە کوالێتی هونەری کالاکان و نیشانەی بازرگانی

# هۆكارە پاڵنەرەكانی ئەم ئاراستەیە ئەمانەن

A. ئەو كاڵایانەی كە خستنەرویان بۆ كراوە كەمترە لەخواست لەسەریان

B. باوەربوون بەوەی كە بەكاربەران بەدوای كاڵاكان دەگەڕێن وە لیرەدا بەرپرسیاریەتی لەسەر كارگەو ڕێكخراوەكان تەنها بەرهەمهێنانی ئەو كاڵایانەیە و لەگەڵ خستنە بازاریان

# قۆناغی فرۆشتن

ئەم قۆناغە سەرەتا گرنگی نەبوو بۆ بەبازارخستن وبەکاربەر وە زیاتر گرنگی دەدا بەرێژەی فرۆشتن لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم قۆناغە ئەوەبو کە رێکخراوەکان چۆن قازانجی زۆر بەدەستبێنن واتا هەستان بە زیادکردنی قازانجی زۆر لەرێگەی زیادکردنی فرۆشراوەکان وە گرنگی دان بەچالاکیەکانی دابەشکردن لەرێگەی هەندێ تەکنیکی تایبەت بە فرۆشتن وەکو ریکلام لە رێگەی هەندێ کەسی تایبەت واتە فرۆشتنی تاکە کەسی یان بەکارهێنانی هەندێ رێگەی تر بۆ مەبەستی زیادکردنی بری فرۆشراوەکان وەکو پێشکەشکردنی هەندێ کەلوپەل بەخۆرایی لە گرنگترین گریمانەکانی ئەم قۆناغە ئەوە بو کە (بەکاربەر بەتەنها ناتوانێ بریاری کرین بدات) وەبۆ ئەوەی بەکاربەر بریاری کرین بدات رێکخراو لەرێگەی کۆمەلێك هاندەر هەلدەستێ بەهاندانی بەکاربەران بەمەبەستی کرین چونکە زۆر لەکەلوپەلەکان لە کۆگاکاندا مابونەوە بەتایبیتی لەماوەی سالانی 20 و 30 کاندا کەئەوکات ئابوری جیهان لە قەیراندابو وە ئەم قۆناغە بەسەرەتای سەرهەلدانی هەندێك کاری بەبازارخستن هەژمار دەکرێت بەهۆی سەرهەلدانی هونەرەکانی فرۆشتن وراگەیاندن وزیادکردنی رێگاکانی دابەشکردن کەئامانج لەمە گەورەکردنی قازانجی خاوەن سەرمایەکان بو

# تایبەتمەندیەکانی قۆناغی فرۆشتن

1. تەرکیز خستنەسەر پێویستی بۆ سەرفکردنی کالای زیادی بەرهەمهێنراو
2. تەرکیز خستنە سەر هێزە فرۆشینەکان بۆ سەرفکردنی کالاکان
3. هەلسان بە ئەنجامدانی هەلمەتەکانی ترویج کردن بۆ قایل کردنی بەکاربەران بەکرینی کالا پێشکەشکراوەکان لە بازاردا
4. بەدەست هینانی رەزامەندی بەکاربەران لەرێگای تەرکیز خستنەسەر سودو باشیەکانی کالا پێشکەشکراوەکان لەبازاردا
5. کارکردن بۆ بەدەستهێنانی قازانج و زیادکردنی لە رێگای بری فرۆشتنەکان
6. بەپێشخستنی بەرژەوەندی کۆمپانیا لە پێش بەرژەوەندی بەکاربەران

# قۆناغی بەبازارخستنی هاوچەرخ

لەگرنگترین  تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە ئەوە بوو کە رێژەی کالای بەرهەمهێنراو زیادبو زۆربەی رێژەی کالاکان بوە هۆی زیادبونی رکابەری لەنێوان رێکخراوەکاندا رێکخراوەکان ئامانجیان ئەوە بو کە هەلسن بە تێر کردنی بەکاربەران بە شێوەی رێك و پێك یاخود هەر رێکخراوێك باشتر کاربکات لەچاو رێکخراوێکیتر وە پێکهێنانی قازانجێکی زۆر لەرێگەی چالاکی بەبازار خستن وەهەروەها گرنگی دان بە بەتێکەلەی بەبازارخستن گرنگترین هەنگاوی ئەم قۆناغە لەوە پێکهاتبو کەبەکاربەر لەسەر روی هەیکەلی رێکخستنی و چالاکیەکانی رێکخراو دەبینرێ گریمانی ئەم قۆناغە ئەوەیە (پێ فرۆشتنی ئەوەی کە بەرهەمدەهێنرێت) یەکیك لە خالەباشەکانی ئەم قۆناغە خێرایە لە بەرهمهێنانی بەرهەمی نوێ بەمەبەستی گۆرینی ئارەزوی بەکاربەران ئەوەی یارمەتی ئەم چەمکەی دا بریتیبو لە هۆیەکانی تەکنەلۆجی وئابوری وکۆمەلایەتی

# تایبەتمەندیەکانی بەبازارخستنی هاوچەرخ

- لێکۆلینەوە لە رەفتاری بەکاربەران بۆ گەیشتن بە چەند فاکتەرێك وکاریگەریەکی رەفتاری وەکو پالنەری کرین و فاکتەرە کاریگەرەکانی بەکاربردن(داهات، دابەشکردنی داهات، حەزکردن بەبەکاربردن، مەیلکردن بەپاشەکەوتکردن، قەبارەی خێزان، ئاستی کۆمەلایەتی)
- بەبازارخستنی پەیوەندی لەگەل بەکاربەران واتا بەهێز کردنی پەیوەندی لەنێوان کۆمپانیاو بەکاربەران
- هەولدان بۆ پارێزگاریکردن لەبەکاربەران نەوەکو تەنها هەولدان بۆ راکێشانی سەرنجیان
- تەرکیز خستنە سەر پێداویستیەکانی بەکاربەران لە رێگای شێوازە یەکتر تەواوکەرەکان

# قۆناغی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی

A. سەرەتای هەستکردن بە گیروگرفتی ژینگە بەدی کرا هەروەها پیسبونی ژینگە بەهۆی چالاکیەکانی بەبازارخستن لەگەل پرۆسەکانی بەرهەمهێنان

B. پشتگوێ خستنی بەرپرسیاریەتی بەتایبەتی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی وە تەنانەت بەشێوەیەکی زۆر کەرەستەی خاو بەفیرۆ دەدرا وە بەباشی بەرهەمنەدەهێنران

C. نەهێشتنی فێرکردنی رێکخراو

# گریمانی سەرەکی ئەم قۆناغە

1. ڕێزگرتن لە ژینگە و هەولدان بۆ پیسنەبون ودۆزینەوەی ڕێگا چارەی پێویست
2. ڕێزگرتن لە کۆمەلگا بەوەی کە کۆمەلگا بریتیە لە هۆکاری مانەوەی ڕێکخراوەکان
3. ڕێزگرتن لەتاك بەوەی کە تاك بریتیە لە سەرچاوەی بەدەست هێنانی ڕەفاهیەت بۆ ڕێکخراوەکان

# سەرچاوەکان

1. بەرێوەبردنی بە بازارخستن و بازرگانی ئەلیکترۆنی نوسینی: جەمیل عبدالكريم عبدالله و زانا مجيد صادق
2. بنەما نوێیەکانی کارگێری نوسینی: حسێن حريم و محمد چيا
3. www.google.com